کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
11-6-2007 19:09بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# ناسک ئەحمەد: پارتی ویەکێتی بەدەستی هەڵدەکەنن خۆیان قەبری خۆیان ... دیمانە: ستیڤان شەمزینانی

دەربارەی ڕەوشی سیاسیی کوردستان وهەلومەرجی نوێی ناڕەزایەتییەکانی جەماوەری کوردستان لەدژی نەبوونی خزمەتگوزارییە پێویستەکان و زانینی ڕای پارتە سیاسییەکانی دەرەوەی دەسەڵات، ئەم دیمانەیەمان سازدا لەگەڵ (ناسك ئەحمەد) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق.




ستیڤان:کوردستان لەزۆر لایەنەوە لە قەیرانێکی قووڵدا دەژی و هۆکارەکەشی پەیوەستە بە سیاسەتەکانی پارتی و یەکێتی، لەگەڵ ئەوەشدا زەمینەکانی کۆمەڵگەش وشك کراونەتەوە تا هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی بەهێزی تێدا لە دایك بێت، بۆئەوەی ئەم قۆناغە ببرین چ کارێك پێویستە لەڕووی سیاسییەوە: ریفۆرم یان گۆڕانی ڕادیکاڵی؟

ناسك ئەحمەد: هەردووکیان، هەم ریفۆرم هەم گۆڕانی ڕادیکاڵی. دامەزرانی کۆمەڵگەیەکی ئینسانی وخۆشگوزەران کە دەسەڵات و سەروەت و سامانی کۆمەڵگە بەدەستی سەرجەم دانیشتووانەوە بێت و ئازادیی و یەکسانی بەرقەراربێت، لە ریفۆرمی جۆراوجۆر و سەپاندنی خواست و مافە جۆراوجۆرەکانی خەڵکەوە بەسەر دەسەڵاتدا دەستپێدەکات. خەبات و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بۆ دابینکردنی گوزەرانێکی باشتر کە کارەبا و ئاو و مووچەی گونجا وو ژیانێکی باشتر بۆ قوتابیان و لاوان و ژنان مانای هەبێت تیایدا، سەرەتاکانی ئەو بزووتنەوە فراوانەیە کە دەیەوێت ریفۆرمی گەورە لە ژیانی ئەم خەڵکەدا بەدیبێنێت، چوونە سەری ئەم ناڕەزایەتییانەو بەرفراوانکردنەوەی دەتوانێ ئایندەیەکی باشتر بکاتە چارەنووسی خەڵکی کوردستان.

ئەوە ڕاستە کە یەکێتی و پارتی بە هەموو توانایانەوە ئازادیی سیاسییان سەرکوتکردووە و ئۆپۆزیسیۆنی خۆیان وناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستانیان بە درندانەترین شێوە پەلامار داوە. بەڵام هەمان ئەم سیاسەتانە و بەبارمتەگرتنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگەی کوردستان لەلایەن ئەمانەوە و سیاسەتی لکاندنەوەی زۆرەملێی کوردستان بە باقی ناوچەکانی تری عێراقەوە و مامەڵەی دڕندانەیان بەرامبەر بە ژنان و لاوان و سیاسەتی دەستگیرویی و شەریککردنی ئیسلامی سیاسی لەلایەن ئەمانەوە لە دەسەڵاتدا،، ناڕەزایەتییەکی گەورەی لە نێو خەڵکی کوردستاندا درووست کردووە. خەڵکی کوردستان بە هەزار و یەك شێوە ئەمڕۆ خەریکی دەربڕینی ئەم ناڕەزایەتی و تووڕەییەیەتی لەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی. یەکێتی و پارتی بە چوونیان لەسەر ئەم سیاسەتانە خۆیان بە دەستی خۆیان قەبری خۆیان هەڵدەکەنن. 15 ساڵی ڕابردوو بەهۆی لەسەر کاربوونی ڕژێمیکی فاشستی عەرەبییەوە لە بەغداد و هەرەشەی هەمە ڕۆژەی ئەم ڕژێمە لە خەڵکی کوردستان و ئێستاش بەهەمان شێوە ڕاگرتنی کوردستان بە دیار چارەنووسی سیاسی نادیاری عێراقەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی بووە لەسەر بێدەنگکردنی خەڵکی کوردستان. جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەکوردستاندا، خەباتی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بۆ ژیانێکی باشتر و مۆدێرن سەدان هەنگاو دەباتە پێش.

ستیڤان:دەستووری هەرێمی کوردستان دەستوورێکی سەرلەبەرو پڕ خاڵی ناکۆك و دژ بەیەکە ولەهەمان کاتدا رۆحی پیاوسالارانەو زۆرینەخوازانە بەسەریدا زاڵە کەئەمە دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ ستەمکاریی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەدژی هەموو ئەوانەی بەپێی ئەم دەستوورە لاواز یان کەمینەن، ڕوانگەی ئێوە لەبارەی ئەم دەستوورەوە چۆنە؟

ناسك ئەحمەد: بەر لەوەی قسە لەسەر ناوەڕۆکی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەم، پێویستە ئەوە بڵێم کە تا زەمانێك کوردستان بە شێك بێت لە عێراق، ئەوا دەستوورێك کە لە کوردستاندا کاری پێدەکرێ دەبێ پاشکۆی دەستوورێك بێت کە لە سەرتاسەری عێراقدا کاری پێدەکرێ و ناتوانێ پێچەوانەکەی بێت. کوردستانی عێراق دەوڵەتێکی دیاریکراو نییە تا دەستوورێکی دیاریکراوی هەبێت. بۆیە لێکدانەوە و ڕەخنەمان لە دەستووری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هەمان ڕەخنەماندایە کە سەبارەت بە دەستووری عێراق هەمانە. لەم بارەوە جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بەو زنجیرە لێکدانەوە وچاوپێکەوتنانەدا بکەم کە هاوڕێیانمان (ڕێبوار ئەحمەد و فاتیح شێخ) بەشێوەی چەند بەشێك لەسەر دەستوور کردویانە و لەسەر سایتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بڵاوبۆتەوە و هەرکەسێك کە خوازیار بێت دەتوانێ بیخوێنێتەوە.

گەر زۆر بەکورتی چەند قسەیەك بکەم ئەوەیە کە ڕەخنەی سەرەکی من لەم دەستوورە ئەوەیە کە ئینسان و ماف و خواستەکانی سەربەخۆ لەوەی چ زمان ودین و ڕەگەزێکی هەیە لەبەرچاو نەگیراوە. ئەوەی لەم دەستوورەدا ڕێزی لێگیراوە دین و عەشیرەت و تایەفە و پیاوسالاریی و فەرهەنگی دژ بە ژنە. پایەیترین مەسەلە کە ناوەڕۆکی ئەسڵی ئەم دەستوورە دیاری ئەکات، جا بەجیاوازیی هەر برگە وبەندێکییەوە بێت، ئەوەیە کە بناغەی ئەساسی تەشریعی دەستوور و قانوون دینی ئیسلامە. دینی ئیسلامیش یانی دینی کوشتن وتووندوتیژیی دژ بە ژن و زیندەبەچاڵکردنی ئارەزوو وخواستەکانی ئینسان، ئەمان بەوەی کە ئیسلام سەرچاوەی دەستوورەکەیانە، ئەوا دەسەڵاتەکەیان لەبەرامبەر ئینسان بەگشتی وژنان بە تایبەتی هەڵوێست ومامەڵەیەکی دڕندانەی هەیە. لێکدانەوە وهێنان وبردنی ناوێت کەقبووڵکردنی ئەم دەستوورە، یانی قبووڵکردنی دەستووری دژ بەژن، دژبە ئینسان، دژ بە ئازادیی و ئازادیخوازیی. بەڕۆشنی دەڵێن هەر بەندو قانوونێك پێچەوانەی ئیسلام بێت یان لەگەڵ دینی ئیسلامدا نەیەتەوە ڕێگەی پێنادرێ، واتە لەچوارچێوەی حکومەتێکدا کەبەدەست ئەمانەوە دەبێت، باسکردن لە مافی ژن وئازادیی ژن لە ژیانی تایبەتی وکۆمەڵایەتیدا قەدەغەیە و بەحوکمی قانوون ودەستوورەکەیان لەبەرامبەریدا دەوەستنەوە

ستیڤان:دوای کوشتنی دوعا بەرەوانی ئەوە دەرنەکەوت کە بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان بێ ئەندازە لاوازە و بەڵکو لەغیابی بەهێزیی ئەودایە کە ژنان بەمجۆرە دەکوژرێن و لەناو دەبرێن، ئەی ئەگەر وایە چی پێویستە بۆ ئەوەی بزوتنەوەیەکی بەهێزی ژنان لە دایك بێت؟

ناسك ئەحمەد: هاتنەمەیدانی ڕیزێك لە ژنانی یەکسانیخواز و تێکۆشەر کە ڕێگەی ڕزگاریی و ئازادیی ژنیان لا ڕۆشن بێت. بەرژەوەندیی ئینسانی و ماف و خواستەکانی جەماوەری ژنان سیاسەتیان بێت، دەتوانێ تیشکی بزووتنەوەیەکی بەهێزی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستاندا پەخش بکاتەوە.

کارەساتی دڕندانەی بەردەبارانکردنی دووعا گەر لەلایەکەوە جارێکی تر دڕندەیی دەسەڵات و کولتوورێکی بە هەموو جیهان نیشاندا کە لە کوردستان و عێراقدا دژ بە ژن لە ئارادایە، لەلایەکی ترەوە ئازادیخوازیی و لایەنگریی لە مافەکانی ژنیشی نیشاندا لە کوردستاندا. خەڵکی کوردستان بە بینینی فلیمی وەحشیانەی بەردەبارانکردنی دووعای 17 ساڵە فرمێسکی ڕشت و ڕق وتوڕەییەکی گەورەی دژ بەم کارەساتە نیشاندا. بە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەریی و نووسین و سیمینار و شێوەی جۆراوجۆرئەم نارەزایەتییەیان دەربڕی. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بەم کارەیان دەریانخست کە ئەوان کوشتنی چەند هەزار ژن وەك برینێکی گەورە بە جەستەی کۆمەڵگەوە دەبینن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەم نارەزایەتی و رق و تووڕەییەی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە کارەساتی بەردەبارانکردنی (دووعا) زەمینەی کۆمەڵایەتی و واقیعی بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنانە لە کوردستانی عێراقدا.
ئەوە ڕاستە کەئەمڕۆ بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان پاشەکشەیەکی بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام ڕاستییەکەی ساڵانی 1995 بۆ 20000 کە لە ناوەوە بزووتنەوەیەکی بەهێزی ژنان لە مەیداندا بوو، هەر بەم شێوەیە نەیارانی بزووتنەوەی ژنان، دەیانووت ئەم بزووتنەوەیە لاوازە و هیچی پێناکرێ. یەکێتی و پارتی کە بەشێوازی جۆراوجۆر بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان و ژنانیان سەرکووت دەکرد، دواتریش دەیانووت ئەوە خەتای بزووتنەوەی ژنان و ژنان خۆیانە کە هەلومەرجی ژن سەختە.
ژنان و هێزی ژنان پێویستیان بە هاوپشتیی جەماوەر و کەسایەتی ئازادیخوازیی کوردستان و جیهانە. وەختێك ژنیان کردۆتە ئەسیری قانوون و کولتووری پیاوسالاریی و دواکەوتووانە و لەولاشەوە ئیسلام و ئیسلامی سیاسی بەردراوەتە گیانی خەڵك و ژنان، ئیتر شتێکی عەجایب نییە کە بزووتنەوەی ژنان لە دوا بێت. بەڵام من دڵنیام کە لەگەڵ بەرەسمی ناسینی کەمترین ئازادیی بۆ جەماوەری خەڵك و لابردنی تەوقی ئیسلام و قانوونەکانی بەسەر سەری کۆمەڵگاوە و کەمکردنەوەی فشاری دەسەڵات بەسەر سەری ئەم بزووتنەوەیەوە، سەدان ژنی نارازی و تینووی ئازادیی دێنە مەیدان و کاریگەریی گەورە دادەنێن لەسەر مەسەلەی ئازادیی ژن لە کۆمەڵگەدا.
ستیڤان: لەکوردستان دەنگی نارەزایەتی هەیە لە هەمبەر سیاسەتەکانی پارتی و یەکێتی بەڵام ئەم دەنگە پەرش و بڵاو و لاوازە و نەیتوانیوە وەك پێویست خۆی ڕێکبخات، چ هەنگاوێك گرنگە لە ڕاستای ئەوەی ئەو دەنگانەی لێرەو لەوێ هەن بکاتە بزوتنەوەیەکی جەماوەریی بەهێز و زیندوو؟
ناسك ئەحمەد: بوونی حیزبێکی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستی کرێکاریی تۆکمە و قودرەتمەند کە بتوانێ بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی خەلکی کوردستان سەروسامان بدات.
نارەزایەتی بەرامبەر بە زوڵم وزۆرداریی و نایەکسانی، هەوڵی ئینسان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر خەسڵەتی ئینسانە. تا ئەو شوێنەی نایەکسانی لە ئارادابێت، خەبات بۆ یەکسانی ڕیشەیەکی قووڵی لە نێو دڵ و پراکتیکی ئینساندا دەبێت. ئەمڕۆ لە زۆر شوێنی دنیا نارەزایەتی قووڵ هەیە، زۆر کاتیش توانراوە گۆڕانکاریی دروست ببێ و دەسکەووت وقانوون بە قازانجی خەڵك دەستەبەر بکرێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم دەسکەوتانە پایەداربن و دەسەڵاتداران نەتوانن لە دەورەیەکی تردا لە خەڵکی وەربگرنەوە، پێویستە ئەم خواست و دەسکەوتانە لە ڕێگەی حیزبێکی سیاسی و بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە لە نێو هاوکێشەی سیاسییدا نوێنەرایەتی بکرێ. بۆ ئەوەی نارەزایەتی و خواستی ئینسانی و دەنگی حەقخوازانەی خەڵك بکاتە ئالوگۆر بەرەو باشتر لە ژیانیاندا دەبێ لە ڕێگەی هێزێکی سیاسییەوە نۆێنەرایەتی بکرێن.
ستیڤان: تاوەکو ئێستا چارەنووسی کوردستان دیارنییە بەو پێیەی کە ڕوون نییە چارەنووسی عێراق بەرەو کام ئاقار دەڕوات، بەبۆچوونی ئێوە ئایندەی سیاسی کوردستان ڕووی لەکوێیە وپێشهاتەکانی داهاتوو لەمەڕ کوردستان چۆن دەبن؟
ناسك ئەحمەد: کێشەی سەرەکی ئەمڕۆی کوردستانی عێراق نادیاریی چارەنووسی سیاسی و ڕاگرتنی ئەم کۆمەڵگایەیە بەدیار سیاسەتەکانی ئەمەریکا و یەکلابوونەوەی تەرازووی هێز لە تەواوی عێراقدا. داگیرکاریی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە بەشێوەیەکی بەرفراوان ئیسلامی سیاسی هێنایە عێراقەوە، ئەمڕۆ نزیك بە سێ لەسەر چواری زەوی عێراق بە دەست ئیسلامی سیاسییەوەیە، جمهوری ئیسلامی ئێران نەك تەنها بەسیاسەتەکانی بەڵکو بە تەواجودی فیزیکی بۆتە هێزێکی گەورە لە عێراقدا و دەستی دەڕوات. تیرۆر و تەقینەوە و سەربڕین و فڕاندن وکوشتنی ژنان و... دیارترین دیاردەکانی
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

عێراقی ئەمڕۆیە. ئەم کۆمەڵگەیە بۆتە مێزی قومار لە نێوان ئەمەریکا و ئیسلامی سیاسی. سیاسەتی یەکێتی و پارتی لە لکاندنی کوردستانی عێراق بە باقی ناوچەکانی تری عێراقەوە سەربەخۆ لە ئیرادە و ویستی خەڵکی کوردستان، کوردستانیشی کردووە بە بەشێك لەم مێزی قومارە و ئایندەیەکی ڕەش لەسایەی ئەم سیاسەتەدا چاوەڕێی خەلکی کوردستان دەکات. یەکێتی و پارتی لەسەر ئەم سیاسەتەیان کە بۆتە مایەی ڕۆژەڕەشی بۆ خەڵکی کوردستان سوورن. تەنها هێز وئیرادەی بەهێزی خەڵکی کوردستان دەتوانێ یەکێتی و پارتی لەم سیاسەتە بگەڕێنێتە دواوە. تاوانێکی هێجگار گەورەیە بەحەقی خەڵکی کوردستان، کە چارەنووس و سەروماڵی خەڵکی کوردستان بخرێتە بەردەم ئەم ریهانەوە. تەقینەوەکانی هەولێر ومەخموور، کوشتنی22 کرێکاری ئێزیدیی بەدەستی رێکخراوی ئەلقاعیدە پریشکەکانی ئەو ئاگرەن کە روویکردۆتە کوردستان. رێگەی دروست و کارساز بۆ دەربازکردنی خەڵکی کوردستان لەم مەنجەنیقە تەنها سەربەخۆبوونی کوردستان و جیاکردنەوەیەتی لە عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتێکی عەلمانی و غەیرە قەومییە تیایدا.

Shamzini 79@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.